مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی مەلای گەورە لە پەروەردە و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا

The Role of Mullay Gawra in an Education and Social Change

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عەبدوڵڵا ڕەسوڵ نەژاد**

زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران

abosami1387@yahoo.com

## معلومات البحث

**تاريخ البحث:**

الاستلام: 2018/4/17

القبول: 2018/6/3

النشر: خريف 2018

Doi: 10.25212/lfu.qzj.3.4.7

**الكلمات المفتاحية:**

Mullay Gawra ,Poetry preaching, reformist, social change, charity.

## الملخص

پەرەوەردە، خشتی بنچینەی دامەزرانی بنەماڵەو کۆمەڵگایە پرۆسەیەکی دوور و درێژ و بەردەوامە و لە بوار و لایەنی جۆراوجۆر پێکدێت، مێتۆدو ئامانجەکانی، بە پێی نیزامی مەعریفی، ئایدولۆژیا و باوەڕ، هزر و بیر، دەگۆڕێت و زۆر فاکتەر لە بەرەو پێشبردنی ئەم پرۆسەیەدا کاریگەریان هەیە. یەکێ لەم فاکتەرانە، زمان و ئەدەبە؛ زمان وەکوو گرینگترین کەرەسەی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان، ئەدە-بیاتیش وەک بەرزترین بەرهەمی بەرزی هەست و بیری مرۆڤ، زۆر کاریگەریان لە سەر بەرەو پێشبردنی ڕەوڕەوەی پەروەردەی تاک و کۆمەڵی مرۆڤ هەیە.

لایەنی پەروەردە وەک زۆربەی لایەنەکانی‌تر، لە کۆمەڵگای کوردەواریدا لە ژێر کاریگەری سێ بەشی کولتووری نەتەوەیی، ئایینی و سەردەمدایە و کەسایەتیە نەتەوەیی و ئایینیەکان ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە. یەکێ لەم کەسایەتیە ئایینی، نەتەوەیی و

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زانستییانە، زانای چاکخواز و بیرۆمەند، مەلای گەورەی کۆیە کە بە حاڵیبوونێکی دروست لە کولتووری جوانی نەتەوەیی و دورخستنە-وەی خورافەو درۆی هەڵواسراو بە بەژن و باڵای ئیسلامەوە، توانیویەتی ڕێگای باوکیو حاجی قادری هاوشاری خۆی درێژە پێ بدات و وەک چاکخوازانیتری دونیای ئیسلام، ئایین لە بۆچونی سە-ردەم نزیک کاتەوە و لە هۆنراوەو نوسراوەکانیدا، لاوان بۆ زانست و پێشکەوتن و پشکووتن، خواناسی و نیشتمانپەروەری هاندەداو هە-وڵیداوە دەردەکانی گەلەکەی دەسنیشان کا و دەرمانیان بۆ بدۆزێتە-وە. مەلای گەورە بوێرانە بە گژ نەزانی، دوا کەوتوویی و کۆنەپەرە-ستیدا ڕاچووە و بە داکۆکی لە سەر مافی ژنان و خوێندەوارکردنیان و هەروەها دامەزراندنی هەوەڵین قوتابخانە لە کۆیە و ناردنی کچی خۆی لە گەڵ کوڕان بو ئەوێ، هەنگاوی زۆر بەرفراوانی بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەڵناوە و بە تێکۆشانی بێوچانی بۆ ئایین و گەل و زمانی، زۆر شیعری بەکەڵک و نوسراوەی بە کاکڵی وەک: «فڕی فڕی قەل فڕی» نووسیوە کە ئامۆژگاریە پەروەردە*ییەکانی بە بێ توێکڵ، تێکەڵ* بە زمانی ڕەخنە و مەتەڵ کردووە.

لەم وتارەدا بە مێتۆدی وەسفی - شیکارانە، چاوێک بە شیعر و نوسراوەکانی مەلای گەورەدا دەخشێنین و بڕێک بنەمای گرینگی پەروەردەیی لە ئاسەوارەکانیدا دەخەینە ڕوو و بە ئاماژەکردن بە لایەنە چاکخوازیەکانی بیر و هزری وی، کاریگەریان لە سەر گۆڕانکاریە- کۆمەڵایەتیەکان شیی دەکەینەوە.

سەروشە: مەلای گەورە، شیعری ئامۆژگاری، چاکخوازی، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.

مجلة قەلاى زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێشەکی:**

وشەی پەروەردە، کە بەعەرەبی دەبێتە "تربيه" لە قەدیمەوە یەکێ لە بوارە هەرە گرینگ و بەر بڵاوەکانی زانست و بیری مرۆڤ بووە، وەک زارەوەیەکی زانستی، ماناو پانتاییکی زۆر بەربڵاوی هەیەو لە هەموو ئایین و فەلسەفە جیاوازەکاندا، بە پێی بنەماکانی: هەستی ناسی، مرۆڤ ناسی و سیستەمی مەعریفی وهتد، بۆچوون ومێتودو ئامانجەکانی پەروەردە، جیاواز بوون؛ بەڵام لە هەمووکۆمەڵگاو سەردەمێکداگرینگی زۆری پێدراوە. دەڵێن "ئیفلاطوون"، بەبەرزترین وبەرێزترین هونەر-فن-ی داناوە[1]غەززالی، دوای پێغەمبەرایەتی، پەروەردە، بە شەریفترین کاری مرۆڤ دەزانێت.[2]

کانت دەڵێ؛گەورەترین ودشوارترین پرسی مرۆڤە[3]پەروەردە، تەواوی پرس و لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەبەرو لە بازنەی شوێنکاتا ناگونجێت، لە دونیا بەربڵاوترو لە ئاکارە بەرچاو نهێنیەکانی مرۆڤیش قووڵ و بێ بنترە.بەتایبەت لە ئایینی ئیسلامدا کە لە ڕوانینی بۆ مرۆڤ دا، تەنیا بە لایەنی ماددی یا مەعنەوی یا ڕۆحی، بایەخ نادات بەڵکوو بە هەردوو یان باشترە بڵێن بە هەرسێ لایەن پێکەوەو هاوکات بایەخی تایبەتی دەدات و بۆ هەرکامیان پلان و ئامانجی پێویست بە خۆی دادەنێ.

بۆ سنووردارکردن و بەرتەسک کردنی ئاوا بابەتێکی بەربڵاو، دەبێ بوارەکانی پەروەردە هەرکام بەجودا بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە و ڕوانگەی کەسایەتیە ناودارەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا سەبارەت بە ئەم بابەتە بخرێنە بەرچاو.

لەم وتارەدا بەتەما نین تەواوی لایەنەکانی پەروەردە لە ڕوانگەی مەلای گەورەوە بدۆزینەوە، چونکە تەنیا وەدەرهێنانیینەما تیوریەکانی پەروەردە لە ڕوانگەی ئیسلامەوەو بەپێ بۆچوونی مەلای گەورە لە ڕاڤە بەنرخەکەیدا، کتێبێکی دەوێ. بەڵکوو دەمانەوێ بە ئاماژەکردن بە چەند نموونەیەک لە ئاسەوارەکانی،بەتایبەت شێعرەکانی، چەند خاڵی گرینگ کە لە پەروەردەی تاکوو کوومەڵدازۆر کاریگەریان هەیە بخەینەروو برێ لایەنی چاکخوازی-اصلاح- لەبیروو هزری ئەوزانا پایەبەرزەدا باس بکەین تا ڕۆڵی ئەوان لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا باشتر دەرکەوێ. هەروەهائەم بابەتە دەیەوێ بە ئاماژە بەبرێ هەڵوێستی

---

[1]کاظم زاده ايران شهر، 1357ش،ل:1

[2]-غەزالی،1358ق.١/٣٤

[3]-کانت، ١٣٦٧، ل ٦٧

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم زاتەگەورە بەناونیشانی مامۆستایەکی بەتوانای ئایینی وبیرۆمەندێکی شارەزای سەردەمی خۆی و هەروەها کوردێکی هوشیاری نیشتمان پەروەر،ڕۆڵی ئەوان لە پێوەندی دان و ئاشتکردنەوەی سێ لایەنی گرینگی کولتووری نەتەوەیی، ئایینی و سەردەملە کۆمەڵگای کوردەواریدا، بخاتە بەرچاو بەو هیوایە ببێتە هۆی دەرس وەرگرتنی بەرەی نوێمان بە ئیسلامی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیرەوە تا بتوانن وەک کوردێکی موسڵمانی ڕۆشنبیر، یان ڕۆشنبیرکی موسڵمانی کورد،بەحاڵی بوونێکی پوخت وپاراو لە بنەما ڕاستەقینەکانی ئیسلام و کوردایەتی،ئەو دوو سەرچاوە کولتوورییەی خۆمان بە لە بەرچاوگرتنی پێداویستیەکانی شوێن کات(زەمان و مەکان)، بە پێوانەی هزرو بیری سەردەم،بخەنەگەرو بی هێننەوەکایە.

## 1. پێناسەیەکی کورتی کەسایەتی وشێعرەکانی مەلای گەورە

ئەم زاتە بلیمەتە، محەممەد کوڕی مەلا عەبدوڵڵایکوڕی مەلا ئەسعەدە، دایکی عایشەی کچی حاجی بەکرئاغای حەویزیە،ئەم بنەماڵە زیاتر لە چەند سەدە خەریکی بڵاو کردنەوەی خوێندەواری لە کوردستانا بوون. حاجی قادر لە پارچە شێعرێکدا کە لەئەستەمبووڵەوە بۆ باوکیمەلای گەورەی ناردوە دەڵێ؛

بەغەیری جەددی ئێوە کێیە دانا      لەکوردستان، ئەساسی عیلمی دانا.[4]

ئەم زاتە لە ساڵی 1292ق. لە شاری کۆیە لە دایکبووە و هەر لە حەوت ساڵیەوە چووەتە بەر خوێندن، لە هەژدە ساڵیشدا ئیجازەی زانستی لە باوکی وەرگرتووەو بەرلە بیست ساڵە ئیجازەی زانستی بە شاگردانی داوە و لە دوای کۆچی دوایی باوکی ناسناوی سەرۆکی زانایان (رئیس العلماء) وەردەگرێ و لە هەموو کوردستانا بە "مەلای گەورە" دەناسرێت. گەلێک مەلای ناودار و زانای پایەبەرز لەبەر دەستیئەودا پێگەیون و هەرکام لە شوێنێکی کوردستانا بوونەتە مەشغەڵدانی زانست و ڕۆشنبیری، نەتەنیا شاگردەکانیبەڵکوو مناڵەکانیشی بوونەتە درێژەدەرپرێگەی ئەو. بۆ وێنە "مامۆستا مەسعوود موحەممەد"ی کوڕی کە کەسایەتیەکی بەرزی فەلسەفی و فیکری و بیرمەندێکی توانای کورد بووە. هەروەها "نەجیبە خانم"ی کچیشی ئافرەتێکیرۆشنبیر بووە. مەلای گەورە جگە لەڕێنوێنی دڵسۆزانەی

[4] حاجی قادر، ٢٠٠٧، ل ١٧٠

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەل و دەرس گوتنەوە پەروەردەکردنی گەلێ شاگرد، کارگەلێکی گرنگیتریشی وەک: مەنسەبی قەزاوەتی شاری کۆیە و ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەت لە مووسڵ و ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراقی بە ئەستۆ گرتووە. بەڵام سەرەنجام هەموو ئەوانەی وێلکردووە و شانی داوەتە بەر توێژینەوە و نووسین5

ئەم کەسایەتیە بەرزە کە درێژەدەری بیروڕای پێشکەوتنخوازانە چاکسازی باوکی و شاعیری هێژا "حاجی قادر"ە و بە واتای "فواد مەعسووم" دەبوایە ناوبانگی لە موحەممەد عەبدە و سەید ڕەشید ڕەزای میسری کەمتر نەبوایە6. مەلای گەورە ئاسەوار و بەرهەمێکی زۆر و بەکەڵکی لە بواری زانستی، کۆمەڵایەتی و ئەدەبیەوە بە دیاری بۆ گەل و هۆزی بەشکراوی خۆی بەجێهێشتووە کەدیوانی شیعرەکانو برێ لە ئاسەوارە کوردیەکانی، چاپ کراون و ئەوانیتری تا ئێستە هەر دەسنووسن7.

"ئەمین زەکیبەگ" دەڵێ: «مەلای گەورە چواردە ئاسەواری زانستی بە زمانی عەرەبی بۆ وێنە: (المعقول فی علم الاصول، الکلام الجدید، الاله و الطبیعه و..) و هەروەها چەن نووسراوەی بە زمانی کوردی هەیە کە بریتین لە: (تەفسیری قورئان، عەقیدەی ئیسلامی، نوێکەرەوە(المجدد)، دیوانی شێعر، فڕی فڕی قەل فڕی)8. جگە لەمانە کە ئاماژەی پێکرا، بەرهەمی زانست و بیری ئەم زانای بلیمەتەی کورد لە کۆمەڵە فتوا و حوکمە قەزایەکانیدا کە پڕن لە نوکاتی بەنرخ و بیروڕای تازە وەدەر دەکەون9.

یەکێ لە بەنرخترین ئاسەوارەکانی، تەفسیرەکەیەتی. کە لە ماوەی دە ساڵدا(1933-43) لە سێ بەرگدا نووسیویەتی و تەنیا سێ جزمی لە ساڵەکانی 1968 و 1970 لە لایەن نەجیبە خانمی کچیەوە لە بەغدا لە چاپ دراوە و ئەوانیتری تائەم دواییانە هەر دەسنووس بوون و دوای نزیکەی70ساڵ لە کۆچی دوایی مەلای گەورە،هەر سی جوزئەکەی لە دە بەرگدا بەچاپ دەگەیەندرێت.10ئەم تەفسیرە لە بواری زانستی ، ئایینی، کۆمەڵایەتی و ئەدەبیەوە گەنجینەیەکی زۆر بەنرخە و پڕە لە بیروڕای تازە و چاکخوازانە کە بەشێوەیەکی تازە و بەدوور لە لاساییکاری لە گەل ڕەوایەتە خورافیە تەفسیریەکان بە دەلیل و بەڵگەوە

---

5-ذۆحاني، 1382،ب1: 273.
6- عبدالخالق،2009: 6
7- مير بەسري،1991،ب2: 134
8- زەكيبەگ،1947: 136
9- حيدري،2006: 258-270
10-شێخ وە ساني،2017، 20

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

موخالەفەت دەکات و بەهێنانەوەی قسە و شیعری ئەمسالّی "سەید جەمال" و شاعیرانێکی وەک حاجی قادر و شێخ ڕەزا و سەعدی شیرازی و داب‌ونەریتە خوارەکانی ناو کۆمەڵ شی دەکاتەوە و لە پەنای مانای ئایەتە پیرۆزەکاندا خەڵکی بۆڕوکردنە زانستیە بەکەڵکەکان و دووری لە خۆرافە و پڕوپووچ، بانگهێشتن دەکات.بە واتای ناسری عەلیار:مەلای گەورە کە لە هەموو زانستە ئیسلامیە کاندا تەواو مەلا بوە و لەگەڵ زانست و نوسراوەکانی سەردەم هەولّی داوە و لەبیرو بۆچووونی چاکخوازانی سەردەم لە دنیای ئیسلامدا ئاگادار بوە، ڕەوڕەوەی چاکخوازی وەگەڕ خستوە و لەڕێگەی ئاسەوار وشاگردو هۆگرانی کە لە نێو هەموو چینو توێژەکاندا هەبوون، ئەم بیرەی لە هەموو کوردستانا بڵاو کردۆتەوە.11

بەرلە لێکۆڵینەوەی ناوەرۆکە پەروەردەیی و چاکسازیەکانی شیعریمەلای گەورە ئاماژە بە برێ لە ئاکار و هەڵوێستەکانی دەکەین؛ چونکە هەڵوێستەکان، باشترین پێوەرن بۆ ناسینی کەسایەتیەکان. "مەلای گەورە" خۆش مەشرب و قسە خۆش بووە. دەڵێن تەنانەت هەندێک مامۆستای دیان(مەسیحی) و برێک ڕۆژوو نەگریش گوێیان لە وتارەکانی مانگیڕەمەزانیان دەگرت. لە باری ئابووریەوەسەربەخۆ بووە، نەبەراتبە خوێندووە و نە مەلایەتی بە بەرات و سەرفترەی خەڵکی کردووە، بەڵکوو خۆی لە مەزرا و باغدا کاری کردووە. ئەم سەربەخۆیە لە هەڵوێستە نەترسەکانیدا زۆر کاریگەر بووە و چاویشی لە خەڵات و مووچەی دەزگاحوکمیەکان نەبووە. جارێک لە کۆڕێکی گەورەدا پارێزگاری هەولێر دەیەوێ پێشی ئەو و مەلا ئەفەندی کەوێ، دەستی دەگرێ و پێی دەڵێ: جارێنۆرەی ئێمەیە12. هەروەها کاتێک بە بۆنەی وتاری زانایانە و پتەوی بەر دڵی "سولەیمان نەزیف پاشا" والی مووسڵ، دەکەوێت و والی دەیەوێ خەڵاتی بداتێ مەلا دەڵێ من بۆ خۆم هیچ پێویستی و کاری تایبەتم نیە بەڵام دەمانەوێ لە کۆیە قوتابخانەیەکمان بۆ دروست بکرێ. لەسەر خواستی ئەو لە ساڵی 1913دا یەکەم قوتابخانە بۆ کۆیە دروستکرا. دوای ئەوە مەلا نەک هەر بە وتار و شیعری بە هەستی خەڵکی بر خوێندن هان دەدا بەڵکوو لە ساڵی 1926دا کچی خۆیشی لەگەڵ کوڕان دەنێرێتە قوتابخانە. ئەوسا (بەڵکوو ئێستاش) کچ ناردن بۆ قوتابخانە لەگەڵ کوڕان ئەویش بۆ زانایەکی ئایینی هەنگاوێکی زۆر فیداکارانە بووە13.

---

11- عەلیار،1395ش:24-25
12- عبدالخالق،2009: 36
13- هەمان سەرچاوە:56

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک سیاسیەکی ژیر و نەترس هەوڵی داوە کە کوردیش وەک باقی گەلانی سەر بە عوسمانی مافی چارەنووسی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت. لە چەند بەڵگەنامەی مەحرەمانەدا کە بە پێییاسای بریتانی دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ بڵاوبووەتەوە بەڕوونی هەوڵی بەردەوامی و ژیری مەلای گەورە بۆڕازیکردنی ئێنگلیزیەکان سەبارەت بە دانی مافی چارەنووس بە کوردان وەدەر دەکەوێت14.هەڵبەت بەڵگە بۆ ژیری ونیشتمان پەروەری مەلای گەورە ئەوەندە زۆرن کەئاماژە پێ کردنیشیان زۆری دەوێ،لە پارچە هەڵبەستێ درێژ لە ژێر ناوی«هەناسەی نەوتاوی»کە سەرڕێژە لەهەستی نەتەوایەتی و هەڵسەنگاندنێکی ژیرانەیە بۆ باروودۆخی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگای کوردەواری؛ دڵی بۆ پارچە پارچە بوونی خاکی کوردان دەکوڵێت وهۆی دواکەوتوویی گەلەکەی، لە لایەکەوە تەماعی زلهێزەکان لە نەوت و کانی خاکی کوردان دەزانی و لە لایەکی ترەوە، دواکەوتوویی و ناتەبایی نێو ماڵی کورد بە هۆیەکی زۆر گرینگ دادەنێ و بە سۆزەوە بۆ کوردان دەپاڕێتەوە:

چ بکەم چ بڵێم لە تاوی کوردان     ئاگر دەگری دڵم لە دەردان

چارەی چیە خوایە تۆ دەزانی     خۆت عالمی زاهیر ونیهانی

ئەو زوڵمە قەبووڵ نەکەی خودایە     ئەسڵەن ئەمەلم بە کەس نەمایە

لوتفی تووە مەلجەئو پەناهم     رەحمێک بە کورد بکەی ئیلاهم15

کەسایەتی مەلای گەورە هەر وەک وتمان بە لایەنی زانستی و فیکریەکانی زیاتر ناسراوە کە لەو بوارەدا لەزانا هەرەبەرزەکانی ئایینی ئیسلام دەژمێردرێت و لە گەلێ بابەتدا خاوەنیرای تایبەتی خۆی بووە. هەر لە سەرەتای پێگەیشتنیەوە بەهرەی شاعیریەتی هەبووە بەڵام بە هۆی خەریک بوون بە باری مەلایەتی و فیکریەوە، مەودای شیعردانانی لێ کورت بووەتەوە. سەرەنجام شیعرە نیشتمانپەروەری و کۆمەڵایەتیەکانی حاجی قادر کە هەمیشە لە وەعز و دەرس و نووسراوەی مەلادا حازر بوون لە لایەک و

14- هەمان سەرچاوە: 59-61
15-مەلای گەورە:134

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارەساتی دڵتەزێنیراپەڕینی شێخ سەعید و لە سێدارەدانی سەرکردە نەمرەکانی ئەو شۆڕشە لەلایەکی-ترەوە، مەلای هاندا کە بێتە ناو دنیای شیعرەوە و هەستی خۆی بە هەڵبەست دەربرِێت.

دیوانی شیعری مەلا یەکەمجار لە ساڵی 1927 لە لایەن "حسەین حوزنی موکریانی"ەوە لەڕواندز لە چاپ درا و تا ئێستا بە چەندین شێوە و چەندین جار لە چاپ دراوە.

ناوەرۆکی زۆربەی شیعرەکانی کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەری و سکاڵان لە باری نالەباری فیکری، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کورد. لە شیعرەکانیدا ئەم بابەتانەزیاتر وە بەر چاودێن:

- هاندان بۆ دینداری و خواپەرەستیراستەقینە و ئەخلاقی پەسەند

- هاندان بۆ فێربوونی عولوومی تەبیعی و سەنعەت و فەن

- داکۆکی لە سەر مافی ژن و عاملاندن و باسەواد کردنی و ڕەخنە لە تەڵاق و جیابوونەوە

- هاوار بۆ قەومی کورد و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و خەمخواردن بۆ بەرهەمە بەنرخەکانی وەکوو نەوت و ڕادیۆم و ... کە کەوتوونەتە دەستی بێگانە

- داوای چاوبرِین لەو میللەتانەی کە بە هەوڵ و زانست پێشکەوتوون. وەک: ژاپۆن

- هاودەردی لەگەڵ گەلانیچەوساوەی ئەو کات و پەسنی پێشەواکانیان وەک: گاندی، سەعد زغلول و کۆتانی فەرەنگی داگیرکەر

- کوتانی شێخ و مەلا و پرِوپووچی بەناو دینەوە و تانە لە چینەکانی خەڵک بەتایبەت سەرۆک عەشیرەکان و ڕێبەرانی ئایینی.

### 3. چەند خاڵێکی گرینگی پەروەردەیی لە شێعرەکانی مەلای گەورەدا

زۆر بابەتی وردوو وبەکەڵکی پەروەردەیی لە شێعرو پەخشانی کوردی مەلای گەورەدا هەن، ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەین:

#### 3.1. سەرکۆنەی نەزانی و هاندان بۆ زانستی بە کەڵک

مەلای گەورە بە ئاگاداری لە گەلانی دواکەوتوو و پێشکەوتوو، هەر وەها زانستەکانی سەردەم، بە باشی زانیویەتی کە نەزانی هۆی سەرەکی هەموو دەردەکان و زانست تەنیا دەرمانە. بۆیە هەموو خەڵکی بە ژن و پیاو و لاو و منداڵەوە هاندەدا بۆ فێربوونی زانستەکان. ئەو لە کۆڕی مەلایاندا باسی ئەوە دەکا کە فێربوونی زانستەکانی سەردەم و زمانی ئینگلیزی و هەر زمانێکی‌تری پێویست، بە پێی شەرعی ئیسلام فەرزی کفایەیە. واتا ئەگەر کەسانێک فێری نەبن، هەموو موسڵمانان گوناهبار دەبن.[16] مەلا ئاوا لە نەزانی گەلەکەی دەناڵێنێ:

هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەناڵم        عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم

بە زۆری جاهیل و نەخوێندەوارن        لەلای نەوعی بەشەر بێ‌قەدر و خوارن

لە عیلم و مەعریفەت دوورن بەکوللی        خەیاڵی خاوە لایان فکری میللی.[17]

ئەو دوای گلەیی لە نەزانی و لە پڕوپووچ، ئاوا بەرەو زانست بانگیان دەکات:

وەرن ئەی ئۆمەتی خەیرۆلبەرییە  لەپاش تەقدیمی ئیخلاس و تەحییە

بە عیلم و عەقڵ و هۆش و فیکر و عیرفان        بە قەولی موستەفا و ئایەتی قورئان

بە قەولی جاهیلان خۆتان مەگۆڕن        بە چاوی دڵ لەدونیایێ بنۆڕن[18]

---

[16]- عبدالخالق، 2009: 35
[17]- مەلاي گەورە: 105
[18]- مەلاي گەورە: 119

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە شوێنێکیتر هۆی دووری خەڵک لە زانسی بەکەڵک، دەخاتە ئەستۆی کوڵکە مەلایان و دەڵێ:

مەلای نادان بە عینوانی شەریعەت        حەرامی کرد لە تۆ عیلمی تەبیعەت

لەبۆیە هەرچی لەو خاکە بەدەرکەوت        لەڕادیۆم و لە زێڕ و باقر و نەوت

هەمووی کەوتووتە ژێر دەستی فەرەنگان        چیا و چولان دەنۆڕن وەک پڵینکان[19]

و دوای دۆعاکردن لە مەلای نەزان، ئەوانیش بان دەکات بۆ سەر هێڵی راستی زانست:

ئەی مەلای نەفام ئە تۆ بی و خودا        لەبۆچیرێگات لە کوردان تێکدا

ئەم باس و خواسە هیچ کەڵگی نیە ئەمرۆ بنوارە حاڵی تۆ چیە؟

عیلمێ بخوێنە بر ئۆممەت چا بێ ئۆممەت و مەفتەن بە عیلمت شاد بێ[20]

### 1.3. مافی ئازادی وزانست بۆ مامۆستایانی فیتری پەروەردە« ژنان»

مەلای گەورە کە لە دەردی کۆمەڵی کوردەواری، یانێ نەزانی دەدوێ؛ دەرمانی سەرەکی بە باسەواد بوون و زانیاری و ئازادی ئافرەت دەزانێ و باوەڕی وایە کە ئافرەت کاتێ دەبێتە ئەندامێکی پڕسوود لە ناو کۆمەڵدا و دە توانێخوو و خدی باش فێری منداڵن بکات، کە زانابێت و مافیڕاستەقینەی خۆی بدرێتێ و لە ترس دیلیەتیڕزگار بێت:

ژن ئەگەر بە حورمەت بێ        بێ زیللەت و زەحمەت

بە تەربیە و ڕەحمەت بێ        دڵگوشاد و لێو خەندان

کوڕی دەبێ وەک شێر        عاقڵ و دانا و دلێر...

19- مەلاي گەورة:111

20- مەلاي گەورة:152

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ )– العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەربیە لەلای داکە دایک چا بێ، ئەولاد چاکە

داک مامۆستای فیترییە    تەشەکولت لە وییە

ژنیش وەک موزەککەر    عەینی ئەویش بەشەرە[21]

### 3.3.دژایەتیخورافاتی بە ناو دینەوە:

لە سەردەمی مەلای گەورەدا برێک شێخی دوور لە زانست و شەریعەت مێشک و بیری خەڵکیان بە پڕ و پووچی دوور لە عەقڵ و دژ بە ئایینی ئیسلام، لەرێیڕاستەقینە لا دەدا و دەستەیەکیتریش وەک و دارودەستەی "حەققە" بەناحەق ئابڕووی دینیان دەبرد و خەڵکیان بۆ تەمبەڵی و نەزانی و ئاکاری نارەوا هان دەدا. لە ئاوا بارودۆخێکدا مەلایڕۆشنبیر و دڵسۆز بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێکە بێدەنگ نەبێت. هەڵبەت مەلای گەورە بەو ئەندازە کە دژی شێخ و دەروێشان بووە، لەوە زیاتر دژ بە مەلایانی نەزان و دین فرۆش بووە.

هەر وەک لە شیعرەکانی دەردەکەوێ و توێژەران ئاماژەیان پێکردووە: دژایەتی لە گەڵ شێخان بۆ ئارەزوو و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی،یان لەڕوویرقەبەرایەتی و ناحەزی نەبووە، چوونکە سەیری دەکەین دۆستایەتی لەگەڵ چەند شێخێکی بەرێز و ناوداری سەردەمی خۆی هەبووە بە تایبەت لەگەڵ شێخ "ناهیری هەڵەبجە". هەروەها باوکێشی زۆر دۆستی "کاکە ئەحمەدی شێخ" و "شێخ عەلی تاڵەبانی" بووە.[22]

دیوانی مەلای گەورە پڕە لەسەر کۆنەی شێخ و مەلای نەزان بە جۆرێک کە زیاتر لە بیست پارچە شیعر یەکسەر لەو مەسەلە دەدوێن و لە باقیتری شیعرەکانیدا جارجار ئەو باسە دێنێتە ئاراوە:

سوێندت بۆ دەخۆم بەو خودای بێچوون    بەقسەی شێخۆلکان کورد لە دین دەرچوون

---

[21]-مەلاي گەورة:144-145
[22]- عبدالخالق،2009: 72

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )،  خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەلا و شێخەکان بێدین و بەدخوون     الا انهم هم المفسدون

ئەی شێخی جاهیل زۆر چاک بزانە     خود عالیمی سێڕڕ و عەیانە

ئەی مەلای نەفام ئەتۆ بی و خودا     لەبۆچیرێگات لە کوردا تێکدا.[23]

هەتا شێخێ لە کوردستان بمێنێ     ئۆمێدی زیندەگانیت پێ نەمێنێ

لە وان و ئەرزڕووم تا حەدی جافان     تەوەڵا بوون لە عەقڵ و عیرفان.[24]

ئەم بابەتە نەتەنیا سەراسەری شیعرەکانی مەلای گەورەی دەربەرگرتووە بەڵکوو لە نووسراوەکانیتریشیدا وەک نامیلکەی «فڕی فڕی قەل فڕی» و تەفسیرە کوردیەکەشی بە فراوانی باسی کردووە. بۆ وێنە لە تەفسیری ئایەتەکانی159 و 160ی سوورەتی "بەقەرە"دا کە خوداوەند بەتوندی هەڕەشە لە ئەو زانایانە دەکات کە دەستوورەڕاستەکانی خوا دەگۆڕن و لەو کارەیان دەس هەڵناگرن، دەڵێ: «من ئەوانە باش دەناسم تا مەلاتر بن (عنوود:کەللەشەق)تر ئەبن. بە قونکە بیورلە تەختەی ناوچاوانیان بدەی ناگەڕێنەوە و بۆ حێفزی مەقام و نفووزی خۆیان لە سەر ئۆممەت پێ لە حەق نانێن. ئەگەرچی لازمە بڵێم «ئەلحەزەر، ئەلحەزەر) لەو نەوعە کەسانە، ئەممە چفایدە ئیشی خۆیان کرد و خورافاتیان لە دەماغی موسڵمانان ناوە و چەسپاند، ڕۆحی حەیاتیان برد«انا لله و انا الیه راجعون».[25]

## 4. ڕۆڵی مەلای گەورە لە لێک نزیک کردنەوەی کولتووری نەتەوەیی، ئایینی و سەردەم لە کۆمەڵگای کوردەواریدا

تا ئیستا بۆمان دەرکەوتکە مەلای گەورە لە لایەکەوە زانایەکی بە توانی ئیسلامی و خاوەنی بیروو بۆچونێکی بەرزی ئایینیە، کە ئاسەوارە بەنرخەکانی بەتایبەت تەفسیرە بەکەڵکەکەی بەڵگەیڕوونی ئەمەن. لە لایەکی ترەوە، هەموو هەڵسووکەوتە ژیرانە و ئاکارە چاکخوازانە و هەنگاوە پێشکەوتنخوازانەکانی، ئەو زاتە دەخەنە بازنەیڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆیەوە، هەروەها هەوڵی بێ

23- مەلاي گەورة:151
24- مەلاي گەورة:107
25- مەلاي گەورة،1970،ب2: 22

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وچانی بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمانی، ئەوان بە کەسایەتیکی نەتەوەییونیشتمان پەروەرێکی کورد دەناسێن.لێرەدا بۆرۆشن بوونەوەی زیاتر، بە کورتی ئاماژە بە ئەم سێ لایەنەلە کولتووری کۆمەڵگای کوردەواریدا دەکەین؛ تا هەم گرینگی ئەم سێ لایەنە دەرکەوێت وهەم ڕۆڵی مەلای گەورە باشتر ڕوون بێتەوە.

## 1.4. سێ کوچکەیکولتووری کۆمەڵگای کوردەواری

کومەڵگای کوردەواری، وەك زۆريك لەکۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات لە ژێر کاریگەری سێ کولتوردایە : کولتووری نەتەوەیی، ئیسلامی و سەردەم(رۆژئاوایی) و هەرکام لەم سیانەش لایەنگرانێکیانهەیە کە هەر بیروبۆچوونی خۆیان بە راست دەزانن و لایەنەکانیتر دەدەنە بەر پلاری تەوەس و توانج.

تاقمی ناسیۆنالیستیرابردووپەرەست، لە گەڵ برێ ئیسلامی دەمارگرژ و توندرەو و گرووپێک عەڵمانی لاساکەرەوەوەی بە بەڵگەی رۆژئاوا، ئاشتی و تەبایی دەخەنە مەترسیەوە. دەستەیەك، بەپاڵدان بە دابو و نەریتی کۆنی کوردەواریەوە، هەموو بنەما و بۆچوونێکی ئیسلامیان، وەبەر پلار داوە و گوێی خۆیشیان لە دەسکەوتەکانی سەردەم خنیوە. لایەنیکی تر، بەنێوی دین ولێکدانەوەی خۆیان لەئایین، زۆر شتی کۆنو و نوێیان، داپاچیوە و بە واتای"مەلای گەورە"ی کورد: بەنیوی شەریعەت، حەرامیان کردوە عیلمی تەبیعەت. تاقمی سێیەمیش،بەلاسایی و "رۆژئاوا بردوویيەوە"[26]مۆری کۆنەپەرەستی و دواکەوتوویان، لە هەموو دابوونەریتە نەتەوەیی و ئایینیەکان، داوە.

دەزانین کە ئەم سێ بەشە لە کولتوور ، پێکهێنەری شوناسەی نەتەوەی کوردن و حاشایان لێ ناکرێت بەڵام هیچکامیان بە تەنیایی ناتوانن بەجێگ وەک مەلای گەورەی کە بە کردەوە توانیویانە ئاشتی نیوان ئەم سێ بەشە بنەڕەتیە ، لە بیروبۆچوون وخدەیان دا، نیشان بدەن و بەحاڵیبوونێکی دروست و راستەقینە لە کولتوری جوانی نەتەوەیی و بنەما رەسەنەکانیئاییینی پیرۆزی ئیسلام، توانیویانە بی دەمارگرژی و بەپێوانەی بری و هزری راستەقینە، لە هەموو دەسکەوتە بەکەڵکەکانی شارستانیەتی

[26] - غرب زدگی«فارسی» تغرّب«عربی»

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردەم، کەڵک وەرگرن، بەڵام تا گەیشتنی بیر و هزری گشتی جەماوەر و کاربەدەستان بەو پلەیە لە حاڵی بوون ڕێگەیەکی تۆزێ درێژمان لە پێشە

بێکەسا!قەتعیئومێدی سەربەخۆیی قەت نەکەیکـــــوردەواری زیندوە، موحتاجی لوتفی باریە[27]

بۆیە لەدرێژەی بابەتەکەدا دەمانەوێ بە کورتی باسیپێوەندی کاریگەری ئەم سێیە لە سەر یەکتر بکەین و بەزەقکردەنەوەی لایەنە ئیجابی و سەلبیەکانی هەر کام، زەرەری مشتوو مڕی نائاسایی وەدەرخەین و ڕێگەی ڕێک کەوتن و ئاشتی لە نێوانیاندا ، دیاری بکەن؛ تا گرینگی ڕۆڵی مەلای گەورە زیاتر دەرکەوێ.

### 1.1.4. کولتووری نەتەوەیی:

کۆمەڵێ داب و نەریتوو بیروباوەڕر لە درێژایی مێژوودا، دەبنە هۆی جیابوونەوەی نەتەوەیەک و کاتێ باسی نەتەوە دەکرێ، بنەمای ناساندنی نەتەوە "خاک، ڕەچەڵەکط زمانط ئایین و مێژوو" دێتە ئاراوە کە ڕەنگدانەوەیان هەیە لە سەرکولتوور.[28]

ئەم دابو نەیتانە، لە درێژایی مێژوودا تووشی گۆڕانکاری دەبن. بڕێ شت لە بیر دەچێتەوە بڕێ شتی‌تر لە دەرەوە وەردەگێڕت و زیادئەگرێ، ئەم زیات و کەم بوونە شتێکی ئاساییە، چوونکە هیچ نەتەوەیەک ناتوانێ درگای ماڵی خۆی لە سەر کولتوور و تەنەوەکانی‌تر داخات، بەڵکو دەبی هەم میوان وەرگرێت و هەمیش بچیتە میوانی و لە سەر سفرەی گەل و نەتەوەکانی‌ژڤ دانیشێ و بە بینین و بیستن و چێشتن، ڕەنگ و دەنگ و جوانییەکانی جۆراوجۆر وەرگرێت و چێژ لە نیای خەڵکانتی‌ژڤ، ببینێت و لەم هاتووچوون و وەرگرتن و پێ‌دانانەد، خۆی و دابو نەریتەکانی باشتر بناسێت و لە ڕێگەی هەڵسەنگانکن و بەراوەردەوە، تێکۆشێ دابو نەریتەکانی ڕاست بکاتەوە و لە لاسایی ە دەمارگرژی تێپەڕبێت و ببێتە ئەهلی تەعقیق، کە ئەم کارە هۆی سەرەکی ڕاگرتن و پەرەپێدانی

---

[27]-بێکەس،2008: 53
[28]-محەممەد، ئەحمەدیان، 1390، ل:12

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

**مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق**

**المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨**

**رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)**

کولتووره.[29]

کولتوور وەک لیباس وایە و پێوەندی دولایەنەی لە گەڵ مرۆڤ دا هەیە، لە لایەکەوە کولتوور مرۆڤ دەپارێزێ و شناسەی پێ دەدات و لە لایەکی ترەوە ئەوە مرۆڤە کە کولتوور دەپارێزێت.

لە باسی کولتووری نەتەوەییدا، نەبوونیدەمارگرژی و حاڵیبوون لە بابەتیخۆماڵی و دەرەکیجێی سەرنجە، دەبێ بزانین هیچشتێک لەبەر ئەوەی هی خۆمانە و لەگەڵی گەورە بووین، سەدلەسەد نابێتەحەق و راستی وهیچشتێک لە بەر ئەوەی هی خۆمان نییەو لە نێو ئێمە پەیدا، نابێتە باتڵ و نارەوا و دەبێ بزانین پێوانەی نەتەوەیی بوونی داب و نەریتێک، هەر ئەوە نییە کە لە نێو خۆماندا بە دی هاتبێ، بەڵکوو دەکرێ شتێکی دەرەکی کاتێ بەپێخۆش بوون و رەزامەندی وەرگیرێت لەگەڵ زەق و ویستی ئێمە دەگونجێ، ئەوە دەبێتە هی ئێمەش و ئیتر دژایەتی ناکەین ، بۆ وێنە ئایینی ئیسلام کاتێ هاتە نێو کوردەواری و بە مەیل و پێخۆش بوون وەرگیران، ئیتر بوو بە بەشێک لە کولتووری نەتەوەی کورد، هەر وەکوو بەرهەمە بە کەڵکەکانی کولتووری سەردەم کاتێ هاتوونە نێومان بە مەیلی خۆمان و بە پێوانەی عەقڵ و بیر، پەسەندمان کردوون، ئیتر بوونە خۆماڵی. لە داب و نەریتە خۆماڵییەکانیش برێکیان بە واتای شاعیری نەتەوەیی (حاجی قادر)، لە بەر نەبوونی کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز، لەبیر چووەو فەوتاوە و برێکیشی لە گرێژەنە براوە و زۆر بە ئاڵۆزی ماوەتەوە.

لایەنی ئیجابی و پڕخێری کولتووری نەتەوەیی، نیازی بە قسە نییە چونکە ژیان و مانی هەر نەتەوەیەک بە ئەو بەشە لە کولتووریەتی و دەبێ بیخاتە لای سەروو. ئەگەر کەموکۆڕییەکی هەبێت بە هی خەڵکی نەگۆڕێتەوە و هی خۆی لە لا کەم بەبێت، هەروەکوو حاجی قادر لە بارەی هێندێ شاعیریی کوردەوە کە زۆریش لێیان رازی نییە دەڵێ :

شیعریان جوانە بەس نیە کـــــوردن

گەرچی بێ ناون و گەلێ وردن

---

[29]- عبدالکریم سروش، 1377، ل:184

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

به فیدایان دەکەم سەد «ابـــن‌یمین»

چوونکە دەربەستی غیرەتی کوردین[30]

بەڵام بە حاڵی نەبوون، یان سەرلێشێواندن، بە دەستی دۆستی نەزانی خۆیی، یان دوژمنی فێڵبازی دەرەکی، جاری وایە ئەم کولتووره باری سەلبی پێ دەدرێ و دەکرێتە هۆی تێکدانی ئاشتی و ئاسایش لە ڕێزەکانی کۆمەڵدا.

بۆ وێنە تاقمێک بە نێوی پاراستنی کولتووری نەتەوەیی، شتانێکی بە کەڵک و راستەقینەی ئایینی، تەنیا بە هۆی لاسایی بیرۆکەی دەرەکی سەر لێشێوێنەر و یان لە قینی ئاکاری قیزونی برێ تاقم و وڵاتی بە نێو ئیسلامی، لە ماڵی کوردی وە دەردەخەن و زۆرێک لە ناودارانی کورد لە ڕابردوودا لە بەرئەوەی، وەک ئێستای ئێمە بیریان نەکردۆتەوە، لە بیردەکەن و بە مردوویی دوای دەیان ساڵ لە مەحکەمەی بیری بەرتەسکی ئەڕۆیی خۆیاندا موحاکەمە دەکەن و سزای زۆر قورس و سەیریان بە سەردا دەسەپێنن، فلان ئاغاو میری کورد، دەربەگ و بورژوا بوون، یان فڵانە شاحیر و ئەدیب موسڵمان و کۆنەپەرەست بووە و هتد...

### 2.1.4کولتووری ئایینی:

لێرەدا نامانەوێ مێژووی ئایینەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری لە کۆنەوە تا ئێستا بخەینە ڕوو، لە بەر ئەوە کە لە هەزار چەند ساڵ لەمەوپێشەوە تا ئێستا ئایینی ئیسلام بەردەوام لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا کارێگەری هەبووە و ئایینە کۆنەکان چەکنان کارگەیان نەماوە، لە باسی کولتووری ئایینی دا تەنیا لە سەر ئیسلام قسە دەکەین. سەرەتای ئاشنابوونی کورد لەگەڵ ئیسلام دا ، دەگەڕێتەوە بۆ پێش رزگار بوونی کوردستان لە زەمانی حەزرەتی عومەردا.

---

30- حاجي قادر، كۆيي، سەرچاوەي پێشوو، ل:151

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر لە سەردەمی فەتحی کوردستانەوە، کورد بەشدارییەکی کارای کردوە لە شارستانی ئیسلامدا، لە هەموو بوارەکانی ) ئایینی و ڕامیاری و عەسکەری و ئابووری و زانستی و ئەدەبی و هونەری ، ...هتد).[31]

ئایین وەک سیستمێکی فیکری و رۆحی و مێتۆدۆلۆژی، وەک باوەڕ و تەسەورێک لە بارەی ژیان و بوون و جیعان، ڕەگەزێکی گرنگی کولتوور پێناسی نەتەوەیە.[32]

لە بەرئەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن، کولتووری کورد، لە زۆر ڕووەوە، ڕەنگی ئایینی ئیسلامی گرتوە. ژیانی کۆمەڵایەتی، تێڕوانین و پرێنسیپ و بەها کۆمەڵایەتی ئەخلاقیەکانی زۆربەی خەڵکی کوردستان، کەم تا زۆر، کاریگەری ئیسلامیان لە سەرە. هەروەها لە بەر ئەوەی ناوەندە ئایینیەکان، بە درێژایی سەدان ساڵ، تاکە سەرچاوەی زانیاری و بەرهەم هێنانی ئیسیمۆلۆجیا(مەعریفە) بوون لە کوردستان، ئەوا زۆربەی ئەدەبیات و سیستمی مەعریفی کورد، بەرهەمی ئەو ناوەندە ئایینیانە و ئەو زانیارییەن کە گەلانی موسڵمان، بە کاریگەری بیر و فەلسەفەی ئیسلام، هێناویانەتە بەرهەم، لە بەر ئەم هۆکارانە و هی‌تر، ئایینی ئیسلام، وەک باوەڕ و ئیمان، داب و نەریت ، بە ویژدان و ژیانی تایبەتی و کۆمەڵەتی زۆرینەی خەڵکی کوردستانا، شۆڕ بۆتەوە، ڕێزگرن لە ئیسلام، رێزگرنە لە مافی ئازادیی ئیمان و باوەڕی خەڵک، ڕێزگرتنە لە کۆمەڵە بەهایەکی کولتووری کە بە قووڵی بە ئایینی ئیسلامەوە بەسترانەتەوە..

دەڵێن زۆربەی ئایین و دینەکان لە سێ پلە و جۆردا لە نێو کۆمەڵگادا جێ دەکەون و دەبینرێن، بۆ وێنە سەبارەت بە ئیسلام دەتوانین بلێین: ئیسلامی ژمارە یەک بریتیە لە ناوەڕۆک و کاکڵەی پەیامی خوا و پێغەمبەرەکەی ، ئیسلمای ژمارە دوو بریتیە لە قسە و لێ دوان و بۆچوونی زانایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستە ئیسلامییەکان وەک فەقیعان و موتەکەللمان و .. ئیسلمای ژمارە سێ بیتە لەەو شتەی کە بە نێوی ئیسلامەوە لە نێو کۆمەڵگادا برەوی هەیە، کە ئەم بەشە زۆر بەربڵاوەو دەتوانین بلێین هەموو شتێک دەگرێتەوە. ئیسلمای ژمارە یەک وەک شتێکی تازە دەکرێ کولتووری کۆمەڵگا بگۆڕێت، بەڵام ئیسلامی ژمارە دوو، لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەکرێ بە ویستی خاوەن دەسەڵات و لایەنە کاریگەرەکان

[31]-احمد محمود الخليل، 2010، ل:10
[32]-رەفیق، سابیر، 2008، ل:131.

دەسکاری بکرێت و لە گەڵ کولتووری ڕایج دا بکرێتە یەکێک و ئیسلامی ژمارە سێ زۆرتر پێڕەوی ویستی خەڵکە و ئەوان بە هەموو جۆرێک لە گەڵ داب و نەریتی خۆیان ڕێکی دەخەن.

ئایین کار دەکاتە سەر دەوڵەت و کۆمەڵگە، هەر وەکوو چۆن ئەو دووەش کار دەکەنە سەر ئایین، نووسەرێک دەڵێ: ئەگەر باوەڕمان وا بێت کە دەوڵەت یا کۆمەڵگا ئایینی درووست کردووە ئەوەش هەر دەور و گرینی ئایین دەسەلمێنێت، چۆن شتی بێ کەڵک، کەس خۆی بۆ ناخاتە زەحمەتەوە.[33]

ئێستا زۆر بە زەقی دەبینین کە چۆن خاوەن دەسەڵاتەکان لە هەموو دەوڵەتەکانی دونیادا بۆ بەرژەوەندی دەسەڵات، پەنا دەبەنە بەر ئایین.[34]

-پێوەندی نیوان ئایین و نەتەوایەتی:

ئەگەر لە ئایین بە گشتی و لە ئیسلام بە تایبەتی ورد ببینەوە، ، ناکرێ دژایەتی هەبێ لە گەڵ نەتەوایەتیدا، چوونکە ئایین بەشێکی گرینگە لە بنەمای ناساندنی نەتەوە لە پەنای خاک، ڕەچەڵەک، زمان و مێژوودا.[35]

هەڵبەت ئەم تێکەڵییەی ئایین و نەتەوە، تەنیا لە نێو کوردا نیە بەڵکوو لە هەموو ڕۆژهەڵات دا بە گشتی، هەیە، بۆیە مارکس دەڵێ: مێژووی ڕۆژهەڵات، سیمای مێژووی ئایینی وەرگرتووە.[36]

مێژووی سەدەی ڕابردوو پێمان دەڵێ: بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی هەر نەتەوەیەک، پێویستە ئەو نەتەوە خۆی بۆ لای دەقێکی ئایینی ڕاکێشێ، جوولەکەکان بە تەوڕات و فەلە و ئاسور و ئەرمەن بە ئینجیل و عەرەب بە ئیسلامەوە خۆیان چەسپاندووە، بەڵام لەو نێوە کورد بێ بەش مایەوە و بیری لاوەکی نێونەتەوەیی، وەک فەتایەک، هەموو ئەندامی ڕووناکبیرانی کوردی داگرت.[37]

---

[33]-فازل، قەراداغي، 2000، ل:51.
[34]- سەرچاوەي پيَشوو ل:53.
[35]-رشيد، ياسمي، 1361، ل:119.
[36]- رەشاد، ميران، سەرچاوەي پيَشوو ل:8.
[1]- محەممەد، ئەحمەديان، سەرچاوەي پَشوو ل:13.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نزیکەی هەموو ڕێبەر و سەرکردەیراپەڕینەکانی کورد پیاوی ئایینی بوون: شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ مەحموودی بەرزەنجی، سەعیدییران، قازی محەممەد و شێخەکانی بارزان.ئەوەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ کاریگەری ئایین لەکۆمەڵگای کوردەواریدا.[38]

مامۆستا مەسعوود محەممەدیش دوای ناوبردنی زۆریك لەبنەماڵە زانستی و ئایینیە گەورەکانی کورد، کە لەلێژگەیمێژوودا، ناوی کوردیان بەرز کردۆتەوەدەڵێ: هەر یەك لەو مەلا و پێشڕەوانەی ئایین و تەریقەت و ئەدەب بە قەد قارەمانیکی میللیپشتگیریان لە کورد کردووە بەچەکی زانست و مەعنای سەردەمی خۆیان.[39]

ئەو هەروها ئاماژە بە داب و ڕەسمی دەرس خوێندنی فەقێکان و گەڕانیان لە سەراسەری کوردستاندا دەکات و دەڵێ: پوختەی قسە ئەوەیە کەگەشتی پڕجۆش و خرۆشی فەقێیان بە دوای خوێندندا، شادەمارێکیپەیوەندیگشتی بوو لەم سەرەوسەری کوردستان بۆ ماوەی سەدان ساڵ، کە ئەگەر ئەوە نەبا هیچ جووڵانەوەیەکی دیکە نەبوو جێی بگرێتەوەیانلە تەئسیری نەبوونی کەم کاتەوە، بە جۆریکی واقعیش ئەم خوێندنەیەك شکڵە و تیکەڵ بوونی مەلایان لە گەڵژیانی رۆژانەی خەلک،تا ڕادەیەکی زۆر گرینگ و بەرچاو هەستێکی کۆمەڵایەتییەك ڕەنگی بۆ میللەتی کورد پەیدا کردووە.[40]

### 3.1.4.کولتووری سەردەم:

ئەم بەشە کە کولتووری هەموو نەتەوەکانی لەژێر کاریگەری خۆیدا داناوە، بریتیە لە سەرجەمی ئەو ئاڵووگۆڕانەی کە لە دونیای مۆدیرن بە تایبەت لەرۆژئاوادا ڕووی داوە و هەموو لایەنێکی داب-ونەریتیکۆمەڵگاکانی گۆڕیوە، لەرۆژئاوادا ئەم گۆڕانە زۆرتر بەرهەمیگۆڕانی بیروبۆچوون و پێشکەوتنی لایەنەکانیژیانی مرۆڤ بووە، بەڵام لە وڵاتان و کۆمەڵگاکانیتردا بەتایبەت لەرۆژهەڵات دا زۆرتر لاسایی-

[2]- رةشاد، ميران، سةرچاوةي پيَشوو ل:54.
[3]-مةسعوود، محةممةد1973، ب، 1ل:278.
[4]- سةرچاوةي پيَشوو ل:273.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

كردنەوە بووە تا گۆڕانی بنەڕەتی ، یانیئەگەر کۆمەڵگای رۆژئاوا (متمدن) بووە واتە سەقافەت و شارستانییەتیگۆڕاوە، بەڵام کۆمەڵگای رۆژهەڵات زیاتر(متجدد) بووەیانی تەنیا ڕواڵەتی گۆڕاوە.

ئەم باسە زۆر دریژخایەنە، تەنیا ئاماژە بە کاریگەری ئیجابی و سەلبی ئەم بەشە لە سەر کولتووری نەتەوەیکۆمەڵگای کوردەواری دەکەین، هەڵبەت کاتێ باس لە لایەنی سەلبی کولتووری سەردەم دەکەین، مەبەستمان بیر و ئاکاری بەرەی نوێی کوردە کە خۆی دەداتەپاڵ بیروبۆچوونەکانی سەردەم ، وەکوو عەلمانییەت یان مۆدیرنیزم یا...هتد.

کاریگەری ئیجابی کولتووری سەردەم لە سەر کۆمەڵگای کوردەواری زۆرە و زۆریش بەکەڵکە، زۆرێك لە لایەنەکانی مادديژیان ئاڵووگۆڕی زۆر باشی بە سەردا هاتووە و هەروەها لایەنی سەقافی و زانستی و کۆمەڵایەتیش زۆر کەڵکی لەم لایەنە وەرگرتووە، کە لێرەدا نیاز بە باس کردنیان نییەبەڵام لایەنە سەلبییەکانی، چون دو بەشی کولتووری نەتەوەیی و ئایینی دەخاتە مەترسییەوە و یەکگرتوویيچینەکانیکۆمەڵگا لە بەین دەباتجێی سەرنج و باسەو بە کورتی ئاماژە ئەکەین بەوەکە هێندی لەو تاك و لایەنانەی کە خۆیان بە مودێرن و پێشکەوتوو دەزانن بێ ئەوەی کە بەڵگە و دەلیلێکی زانستییان هەبێت زۆر داب‌ونەریتی میللی و نەتەوەییخەڵک دەدەنە بەر تەوس و توانج و ئاکاری قیزەونی لاسایی-کەرانەوە لە خۆیان دەنوێنن وەك مامۆستا هەژار دەڵێ: وا بەرەیپێگەیشتوومان_بە ناخێر_تێگەیشتوومان، شتی خۆی لا دزیوە هەر لە جێوە، بە سەد شێوە، ئەدای فەرەنگی دەردێنێ، وە زوان ئاغا ئەماندوینێ، بۆتە مەیمون لاساکەرە "بەلاش گۆشتی سەر چەپەرە".[41]

یان، بەچاویلکەی ئەمڕۆیی خۆیان، سەیری ڕابردوو دەکەن و کەسایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان تۆمەت بار دەکەن و ڕووداوە مێژووییەکان دەگۆڕن ، یان برێ بیرۆکەی سەردەم کە تایبەتیکۆمەڵگای رۆژئاوایە و بە هیچ جۆریك لەگەڵکۆمەڵگای کوردەواریدا یەك ناگرێتەوە، نن بە زۆرەملی دەیانە وێ وەک شتێکی موقەددەس بیسەپێنن بە سەر واقیعی خۆماندا، کە جاری وایە شتی سەیر و سەمەرە بە دی دێنن بۆ وێنە تاقمی لە بەرەمارکسی و شیوعیەکانی کورد، لە سەر دەمێکدا لە بەر تیشکی بیرۆکەی ستالین سەبارەت بە نەتەوەبوون(امە)، کە بوونی ئابووری هەمەگیر و وڵاتی سەرلەبەری بە

[1]- عەلی، شەریعەتی، 1391، ل:8.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەرجی بوون بە نەتەوە دانا بوو،ناميلكە و سیێارەی وایان بلآو دەكردەوە كە كورد(امّە) نییە، چونكە وڵاتی بڕبڕە، ئا ئەم ناميلكە تاوانبارە ببوو بە قورئانی كوردخنكین.42

## 5. تۆبەی كولتووری و پاڵاوتنی سەرچاوەكانی

هەروەك تا ئێرە ئاماژەمان پێ كرد، كۆمەڵگای كوردەواری لەژێر كاریگەری سێ بەشیگرینگی كولتووری نەتەوەیی، ئیسلامی و سەردەمدایە و پشت گوێدانی هەر كام لەم سیانە لە سەر حیسابیگەورە كردنەوەی ئەویتر، ئاشتیكۆمەڵگا دەخاتە مەترسیەوە و هەروەها ئاماژەمان بە جیاوازی و مشت و مڕی نیوان لایەنگرانی ئەو سیانە كرد، كە بەڕای ئیمە هۆی سەرەكی ئەو ناتەبایی و دردۆنگیە لە نێوان ئەو سێ كولتوورەدا دوو هۆی سەرەكی هەیەیەكێ حاڵی نەبوون لەیەكتر كە ئاماژەمان پێ كرد و وتمان دەكرێ هەر لایەنێك بۆ بە بەرژەوەندی كۆمەڵگا، لە برێ ئاكار و بۆچوونی خۆی دەس‌هەڵگری و لە برێ ئاكاری لایەنە بەرامبەرەكانی كە بە نادرووست و خەتایان دەزانی، چاوپۆشی بكات.بەڵام لێرەدا ئاماژە بە شتێكی-تر دەكەین كە بۆ ئیجادی ئاشتی و تەبایی كاریگەری لە رێگاچارەكانی‌تر، زیاترە، ئەویش تۆبە و پاڵاوتنی كولتووریە، هەروەك وتمان پێوەندی كولتوور و مرۆڤ وەك پێوەندی مرۆڤ، لە گەڵ لیباس و ئاو دایە، چۆن لیباس، مرۆڤ دەپارێزێ و ئاو مرۆڤ خاوێن دەكاتەوە، ئەوانیش نیازیان بە وەیە كە مرۆڤ ، بیان پارێزی وخاوێنیان كاتەوە.

ئەگەر مرۆڤ ، لە درێژایی میژووی خۆیدا كولتوور نەپارێزیت و خاوێنی نەكاتەوە، ئەوا دەبیتە جلێكیچڵكن و ئاوێكی گەنكاو، بۆیە هەموو بەشەكانی كولتوور پێویستیان بە خاوین‌كردنەوە هەیە و ئیمە دەبێ بە بێ ترس لە تەوس و توانج ، بە غیرەت و بوێریەكی باشەوە سەرنجێكی كولتووری نەتەوەیی، ئیسلامی و سەردەمی خۆمان بدەین و لە شتە لاروله‌وێرەكانی تۆبە بكەین و دەس هەڵگرین و سەرچاوەكان بپاڵێوین، هەڵبەت، هەنگاویهەوەڵی ئەم كارە، ئەوەیە كە خۆمان فریو نەدەین و دەمارگرژی وەلانێین و پێمان وانەبێ كە كولتووری ئێمە لە ئاوی شەویپاكترە و نیازی بەپاڵاوتن نیە، بۆ دوورخستنەوەی ئەم گومانە، دەڵێین لە هەر سێ بەشی كوولتورماندا شتی سەیروسەمەرە هەیە بۆ وێنە لە كولتووری ئیسلامی‌دا هەرچەند سەرچاوەكەیپاك و خاوێنە، بەڵام زۆر شتی وای تێدایە كە بەریان بە

---

[2]- مەسعوود، محەممەد، 2001، ل:34

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ )– العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیسلامەوەنیە، بەڵکووو بیروبۆچوونەکانی زانایانی ئایینیە کە بە جێی خودی ئایین دانراون و برێ وەخت لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام و عەقڵی بەشەردا ناگونجێن، نموونەی باسی ئەم بابەتە لە شێعری مەلای گەورەی کۆیەدا و لە تەفسیرە بەنرخە کەیدا زۆر هەیە، هەروەها لە کولتووری نەتەوەیی و سەردەمیشدا، زۆر شتی وا هەیە، کە بە ئاب و تابەوەبەڕێوە دەچن، بەڵام لە گەڵ هیچ عەقڵ و هزریکی ڕاستەقینەدا یەك ناگرن و زانایان و ڕۆشنبیرانێکی بوێر و چاونەترسی وەك حاجی قادر و مەلای گەورەی کۆیەیان دەوێ، کە وردیان بنەوە و وەردیان دەنەوە و لە ماڵی مێشك و بیری گەل ، وەدەریان نین.

**ئەنجام:**

لەم وتارەدا بە مێتۆدی وەسفی - شیکارانە، چاوێکمان بە شیعر و نوسراوەکانی مەلای گەورەدا خشاند و بڕێک بنەمای گرینگی پەروەردەییمان لە ئاسەوارەکانیدا خستەڕوو و بە ئاماژەکردن بە لایەنە چاکخوازیەکانی بیر و هزری وی، کاریگەریان لە سەر گۆڕانکاریە- کۆمەڵایەتیەکان شیی کردەوە و ئەم چەند خاڵەمان خستە بەرچاو؛

- مەلای گەورەی کۆیە بەعینوانی مامۆستایەکی بەتوانای ئایینی وبیرۆمەندێکی شارەزای سەردەمی خۆی و هەروەها کوردێکی هوشیاری نیشتمان پەروەر، بە حاڵیبوونێکی دروست لە کولتووری جوانی نەتەوەیی و دورخستنەوەی خورافهو درۆی هەڵواسراو بە بەژن و باڵای ئیسلامەوە، توانیویەتی ڕێگای باوکیو حاجی قادری هاوشاری خۆی درێژە پێ بدات و وەک چاکخوازانیتری دونیای ئیسلام، ئایین لە بۆچونی سەردەم نزیک کاتەوە و لە هۆنراوەو نوسراوەکانیدا، لاوان بۆ زانست و پێشکەوتن و پشکووتن، خواناسی و نیشتمانپەروەری هانداوەو هەوڵیداوە دەردەکانی گە-لەکەی دەسنیشان کا و دەرمانیان بۆ بدۆزێتەوە.

- مەلای گەورە بوێرانە بە گژ نەزانی، دوا کەوتوویی و کۆنەپەرەستیدا راچووە و بە داکۆکی لە سەر مافی ژنان و خوێندەوارکردنیان و هەروەها دامەزراندنی هەوڵین قوتابخانە لە کۆیە و ناردنی کچی خۆی لە گەڵ کوڕان بو ئەوێ، هەنگاوی زۆر بەرفراوانی بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەڵناوە و بە تێکۆشانی بێوچانی بۆ ئایین و گەل و زمانی، زۆر شیعری بەکەڵک و نوسراوەی بە کاکڵی نووسیوە کە پڕن لە ئامۆژگاریە پەروەردە*ییەکان*.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- به ئاماژەکردن بە چەند نموونەیەک لەهەڵوێستوو ئاسەوارەکانی،بەتایبەت شێعرەکانی، ڕۆڵی ئەوان لە پێوەندی دان و ئاشتکردنەوەی سێ لایەنی گرینگی کولتووری نەتەوەیی، ئایینی و سەردەم لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، خراوەتە بەرچاو بەو هیوایە ببێتە هۆی دەرس وەرگرتنی بەرەی نوێمان بە ئیسلامی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیرەوە تا بتوانن وەک کوردێکی موسڵمانی ڕۆشنبیر، یان ڕۆشنبیرکی موسڵمانی کورد، بەحاڵی بوونێکی پوخت وپاراو لە بنەما ڕاستەقینەکانی ئیسلام و کوردایەتی،ئەو دوو سەرچاوە کولتوورییەی خۆمان بە لە بەرچاوگرتنی پێداویستیەکانی شوین کات(زەمان و مەکان)، بە پێوانەی هزرو بیری سەردەم،بخەنەگەرو بی هێننەوەکایە.

## سەرچاوەکان:


1. قورئانیپیرۆز.
2. احمد محمود الخلیل، مێژووی کورد لە شارستانی ئیسلامدا، وەرگێڕ زرارعەلی، سلێمانی، چاپخانەیپەیوەند، 2010.
3. ئامانۆیل،کانت، تعلیم وتربیت،ترجمە:غلامحسین شکوهی، تهران، اقبال.1367ش
4. جواد،فقی علیالچوم حیدری،محمدبنعبدالله الجلی وجهوده العلمیە،اربیل،التفسیر، 2006.
5. حاجی قادر، کۆیی، دیوانی شیعر، لێکۆڵینەوەیهێرش بیتووشی، سەردەشت، سەمیمی، 2007.
6. حسین، کاظم زادە،اصول فن تربیت تهران، اقبال.1357ش.
7. رشید، یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و..، مەهاباد، سەییدیان، 1361.
8. رەشاد، میران، رەوشی ئایینی ونەتەوەیی لە کوردستاندا، هەولێر، سەنتەری برایەتی، 2000.
9. رەفیق، سابیر، کولتوور وناسیونالیزم، سلێمانی، کوردولۆجی، 2008.
10 روحانی، بابا مردوخ، تاریخ مشاهیر کرد، تهران، سروش، .1382.
11 عبدالخالق علاالدین، مەلایگەورە، زانا و ئەدیب و شاعر، هەولێر، منارە، 2009
12 عبدالکریم سروش، رازدانی و روشنفکری ودین داری، تهران، صراط، 1377.
13. عەلی، شەریعەتی، چوار نامیلکە، وەرگێڕ، هەژار موکریانی، تاران، نەشر ئانا، 1391.
14. فازل، قەرەداغی، لێکۆڵینەوەی فیکری وسیاسی، بی نا، 2000.
15. فایق بێکەس، دیوان، سلێمانی، چاپخانەی شڤان،2008.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

16. محەممەد، ئەحمەدیان، کورد و ئایینی زەردەشت، سنە، کردستان، 1390.

17. محە ممەد ئەمین زەکی بەگ، خۆلاسەی تاریخی کورد و کوردستان ..، سلیمانی، بنکەی ژین، 2006.

18- محمد،غزالی، احیا العلوم، مصر، البابی الحلبی،1358ق.

19- مەسعوود، محەممەد، حاجی قادری کۆیی، بەغداد، کۆری زانیاری، 1973.

20-مەسعوود،محەممەد،ژیان وجهانبینی، ئامادە کردنیهەلۆ، بەرزەنجی،سلیمانی، سەردەم، 2001.

21- مەلای گەورە، تفسیر کوردی،بغداد، سلمان الاعزمی،1970.

22-میر، بصری، اعلام الکرد،لندن، الریاض الرئیس، 1991.

23- ناصر، علیار، تحلیلی بر احوال واثار ملا عبدالله احمدیان،سنە،ئالای روناکی،1395ش.

24- هاوکار ، عبدالله، شیخ وسانی، دین وجهانبینی مەلای گەورە، هە ولیر، التفسیر 2017.

## ملخص

تعدّ التربية الحجرَ الاساس لبناء الاسرةوالمجتمع، و مفهومها يشمل جميع مناحي الحياة ومجالاتها، وتختلف طرقها و غاياتها باختلاف الأديان والمعارف، وتؤثر في تطويرها عوامل شتّى كاللغة والادب. تتأثر التربية كبقيةمجالات الحياة في المجتمع الكردي بالنواحي الثلاثة من الثقافة الدينية والقومية والثقافة الجديدة. وللشخصيات الدينية والقومية أثر هامّ في مجالات التربية؛ منهم العالم الديني المصلح والمفكر القومي المجدد، محمد بن عبدالله الجلي الشهير ب«مه لای گه وره-العالم الكبير» الذي استطاع كبقية المصلحين في العالم الاسلامي، بوعيه الراقي عن الثقافة القومية وفهمه الصحيح عن مبادء الدين الحنيف؛ أن يكافح الخرافات والاوهام و يدعو إلى فهمٍ عصري من الدين ويرشد الجيل الجديد في المجتمع الكردي إلى التسلح بالعلم والدين وخدمة الوطن. و مما يؤيد دوره البنّاء في التربية، دعوته المتحمّسة إلى إمحاء الجهل و الاميّة خاصّة من بين النساء اللاتي، يعدّهن المربيات الفطريات للجميع.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

**مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق**

**المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨**

**رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)**

تسعى هذه الدراسة معتمدة على المنهج الوصفي التحليلي، أن يستخرج من آثار الشيخ الجلي، خاصة من أشعاره، المبادء الجلية للتربية ويدرس دوره في التطور الاجتماعيفي المجتمع الكردي، مشيراً إلى بعض مواقفه المؤثرة في ذلك.

الكلمات المفتاحية:التربية، الشعر التعليمي، الاصلاح، التطور الاجتماعي.

**Abstract**

Education as a cornerstone of the family and community is a long and continuous process with different aspects, fields, methods and goals that will fit into the cognitive system and the ideology of the society. And various factors, including language and literature, are involved in its development. The issue of education in the Kurdish community, like other aspects of life, is influenced by three important sections of national, religious and modern culture, and its national and religious characters are influential in it. Among these characters is a well-known thinker and reformer from Kooyeh city who eliminated superstition from Islam with a proper understanding of national culture, like other reformers of the Islamic world and was able to bring religion closer to contemporary understanding and to invite the young generation of Kurdish society to knowledge and patriotism, and to call for Godliness and could take effective proceedings to transform society by a brave fight with ignorance and superstition, and insisting on the rights of women as the teachers and educators of the new generation and also by practical actions such as setting up a school and sending her daughter to.

This research has been done by descriptive-analytic method and has shown his important role in the education and developments of the Kurdish community by extracting some principles and methods of education from the works of this highly educated scientist.

Key words: Jalizadeh, education, educational poetry, correction, social changes.